# سێ شت هیچ گومانیان تێدا نییە

أبو إسلام أحمد بن علي
وەرگێڕانی: م/ أبو بكر أحمد

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

الحَمْدَ لله والصلاة والسلام على رسول الله وعلى آله وصحبه ومن والاه، أما بعد...

**برای خۆشەویست ... خوشكی بەڕێز...**

گومان پێچەوانەی دڵنیا بوونە، خوای پەروەردگار لە قورئانی پیرۆزدا لە (١٤) جێگەدا باسی بێگومانو سەلماندنی كردووە، وە تایبەتیشی كردووە بە (**قورئان – ڕۆژی دوایی – مردن**)، وە ئەم سیانە هیچ گومانو دوو دڵیەكی تێدا نییە، لەبەر ئەوەی (قورئان) لە لایەن خوای پەروەردگارەوە نێردراوە، ئیتر چۆن دەبێت گومانی تێدا بێت، هەروەها ڕۆژی دوایی ئەو ڕۆژەیە كە هەموو دروستكراوەكانی تێدا كۆ دەبێتەوەو چاكەكاران دەچنە بەهەشتەوەو خراپەكارانیش بۆ دۆزەخ، وە مردنیش چۆن دەبێت گومانی تێدابێت كە لە هەموو شوێنو جێگەیەك پێمان دەگاتو یەخەمان دەگرێت .

## خوای پەروەردگار لە قورئانی پیرۆزدا

لە (٣) جێگەدا باسی ئەوەی كردووە كە (**قورئان**) هیچ گومانێكی تێدا نییە.

وە لە (١٠) جێگەدا باسی (**ڕۆژی دوایی**) كردووە كە هیچ گومانێكی تێدا نییە.

وە لە (١) جێگەدا باسی (**مردن**)ی كردووە كە هیچ گومانێكی تێدا نییە.

دەپاڕێمەوە لە خوای پەروەردگار كردەوەكانمان لێ وەرگرێتو تەنها مەبەستمان ڕەزامەندی ئەو بێت، وە بەردەوامیمان پێ ببخشێت لەسەر دین، وە عاقیبەت خێرمان بكات، **آمِین**.

## **یەكەم**: قورئانی پیرۆز هیچ گومانو دوودڵی تێدا نییە .

(١) خوای پەروەردگار فەرموویەتی:

﴿ ذَٰلِكَ ٱلْكِتَٰبُ لَا رَيْبَ ۛ فِيهِ ۛ هُدًى لِّلْمُتَّقِينَ ﴿٢﴾ ﴾[البقرة].

واتە: ئەو قورئانە كتێبێكە هیچ گومانێكی تێدا نییە، لەلایەن خوای پەروەردگارەوە ڕەوانەكراوە بۆ پێغەمبەری خوا ﷺ كە مایەی ڕێنموویی و سەرچاوەی هیدایەتە بۆ خواناسانو پارێزكاران.

(٢) خوای پەروەردگار فەرموویەتی:

﴿ وَمَا كَانَ هَٰذَا ٱلْقُرْءَانُ أَن يُفْتَرَىٰ مِن دُونِ ٱللَّهِ وَلَٰكِن تَصْدِيقَ ٱلَّذِى بَيْنَ يَدَيْهِ وَتَفْصِيلَ ٱلْكِتَٰبِ لَا رَيْبَ فِيهِ مِن رَّبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿٣٧﴾ ﴾ {يونس: ٣٧}.

واته: وەنبێت ئەم قورئانـە لەلایـەن کەسـێکەوە داڕێژرابێتو هەڵبەسترابێت جگە لـە خـوا، بـەڵکو ڕاستیو ڕەوانی کتێبە ئاسمانیەکانی پێش خۆی دووپـات دەکاتـەوەو ڕوونکـەرەوەی بیروبـاوەڕو ئەرکەکانە، بەڕاستی هیچ گومان لەوەدا نییە کـە ئەم قورئانە لەلایەن خوای پەروەردگاری هـەموو جیهانەوە ڕەوانە کراوە .

(٣) خــوای پــەروەردگار فەرموویــەتی: ﴿ تَنزِيلُ ٱلْكِتَٰبِ لَا رَيْبَ فِيهِ مِن رَّبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿٢﴾ ﴾[السجدة]

واتـە: دابەزانـدنی ئـەم قورئانـە لەلایـەن خـوای پەروەردگاری جیهانەوەیەو هیچ گومـانێکی تێـدا نییە .

کەواتــە: بەڕاســتیو بــەبێ گومــانو دوودڵــی قورئـانی پـیرۆز لەلایـەن خـوای پـەروەردگارەوە ڕەوانـە کـراوەو هـیچ گومـانێکی تێـدا نییـە، وە چۆن گومانی تێدا دەبێت کـە بەڵگـەی ڕاسـتیو بـاوەڕکردنو سـەلماندنە، لـە سـەرەتاوە تـاکو کۆتایی، وە هـیچ کەسـیش ناتوانێـت کـە وێنـەی ئەم قورئانە بێنێت، چونکە لە توانای مرۆڤەکاندا نییە، بۆیە کاتێك یـەکێك لـە بـێ باوەڕەکـان کـە موسڵمان بوو ئەم ئایەتەی خوێندەوە:

﴿ ذَٰلِكَ ٱلْكِتَٰبُ لَا رَيْبَ فِيهِ هُدًى لِّلْمُتَّقِينَ ﴿٢﴾ ﴾ .

ئنجـا ووتـی: بەڕاسـتی هـیچ کتێبێـك نییـە لـە جیهاندا کە نوسەرێك نوسیبێتیو هەڵـەو گومـانی تێدا نە بوو بێتو نوسـەری کتێبەکـە ووتویـەتی: ئەم کتێبە هەڵەو بیرچوونی تێدایە، تـەنها خـوای پەروەردگار فەرموویەتی: ئەم قورئانـە کتێبێکـە هیچ گومانو دوودڵی تێدا نییە .

## ڕوونکردنەوە:

بەدڵنیایی چاکترینو باشترینو خێرترین گوفتـارو ووتــە ووتــەی خــوای پــەروەردگارە (قورئــانی پیرۆز)، وە قورئانی پیرۆز ڕابەرو ڕێ نیشاندەری مرۆڤایـەتیو ڕۆشـنایی ژیـانو دەسـتوریەتی، وە خــوای گــەورە قورئــانی پــیرۆزی بــۆ نــاردوینو فەرمانی پێکردوین کەلێی وردبینـەوەو بـیری لـێ بکەینـەوە، وە قورئـان ووتـەو گوفتـاری خـوای پـــەروەردگارە، هـــەواڵو ڕوداوو بەســـەرهاتی ئوممــەتانی پــێش ئێمــەی تێدایــە، وە هــەواڵو ڕوداوو بەســەرهاتی دوای ئێمەشــی تێدایــە، وە جیاکەرەوەی حەقو ناحەق، ڕاستو درۆ، بـاشو خراپ، وە هیچ شتێکی گاڵتەو شۆخی تێدا نییـە، وە هیچ ناحەقو نادروستیو ناتەواویەك ڕووی تێ ناکات لە هیچ کاتێکدا، وەسیلەیەکی زۆر بـەهێزو

گەورەیە بۆ گەیشتن بە خوای پەروەردگارو بەهەشتەکەی، هەمووی ئامۆژگارییە، هەرکەس دەستی پێوەبگرێت سەرفراز دەبێت، وە هەرکەس پشتی تێبکات بە هیلاك دەچێت، وە ئیمامی شافیعی (رەحمەتی خوای لێ بێت) فەرموویەتی: (مَنْ تَعَلَّم القُرْآن عَظَمَت قيمَتهُ)[1].

واتە: هەرکەسێك فێری قورئانی پیرۆز ببێت ئەوا شکۆمەندو گەورەو بەنرخ دەبێتو ڕێزی دەبێت لە ناو خەڵكو کۆمەڵگەدا.

هەروەها شیفاو چارەسەرە بۆ نەخۆشیە دەروونیو جەستەییکان، وە ڕەحمەتو میهرەبانیشە بۆ باوەڕداران، وە بۆ ستەمکاران تەنها زیادکردنی زەرەرو زیانە، (هیچ بەهرەو سودێکی لێ نابینن).

## دووەم: ڕۆژی دوایی هیچ گومانو دوو دڵی تێدا نییە .

(١) خوای پەروەردگار فەرموویەتی:

﴿ رَبَّنَآ إِنَّكَ جَامِعُ ٱلنَّاسِ لِيَوۡمٍ لَّا رَيۡبَ فِيهِۚ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُخۡلِفُ ٱلۡمِيعَادَ ﴿٩﴾ ﴾ [آل عمران].

واتە: پەروەردگار بەڕاستی تۆ کۆکەرەوەی هەموو خەڵکیت لە ڕۆژێکدا کە هیچ گومانێکی تێدا نییە، بەڕاستی خوا زاتێك نییە کە بەڵێنی خۆی نەباتە سەر .

(٢) خوای پەروەردگار فەرموویەتی: ﴿ فَكَيۡفَ إِذَا جَمَعۡنَٰهُمۡ لِيَوۡمٍ لَّا رَيۡبَ فِيهِ وَوُفِّيَتۡ كُلُّ نَفۡسٍ مَّا كَسَبَتۡ وَهُمۡ لَا يُظۡلَمُونَ ﴿٢٥﴾ ﴾ [آل عمران: ٢٥] .

واتە: ئاخۆ حاڵیان چۆن دەبێت کاتێك لەو ڕۆژەدا (ڕۆژی دوایی) کۆیان دەکەینەوە کە هیچ گومانێك لە هاتنیدا نییەو هەموو کەس پاداشتی کارو کردەوەی خۆی پێ دەدرێتو ستەمیان لێ ناکرێت .

(٣) خوای پەروەردگار فەرموویەتی:

﴿ٱللَّهُ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَۚ لَيَجۡمَعَنَّكُمۡ إِلَىٰ يَوۡمِ ٱلۡقِيَٰمَةِ لَا رَيۡبَ فِيهِۗ وَمَنۡ أَصۡدَقُ مِنَ ٱللَّهِ حَدِيثٗا ﴿٨٧﴾ ﴾ [النساء: ٨٧] .

واتە: (اللّه) خوایەکە جگە لەو هیچ خوایەکی تر نییە(شایستەی پەرستن بێت)، سوێند بەخوا لە ڕۆژی دواییدا کۆتان دەکاتەوەو هیچ گومانێکی تێدا نییە، جا کێ هەیە قسەو گوفتاری لە فەرمایشو فەرموودەی خوا ڕاستترو دروست تربێت .

(٤) خوای پەروەردگار فەرموویەتی:

﴿ قُل لِّمَن مَّا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِۖ قُل لِّلَّهِۚ كَتَبَ عَلَىٰ نَفۡسِهِ ٱلرَّحۡمَةَۚ لَيَجۡمَعَنَّكُمۡ إِلَىٰ يَوۡمِ ٱلۡقِيَٰمَةِ لَا رَيۡبَ

---

(١) بڕوانە: (الرِّسَالَة) ئیمامی شافیعی (٧٢) .

فِيهِۚ ٱلَّذِينَ خَسِرُوٓاْ أَنفُسَهُمۡ فَهُمۡ لَا يُؤۡمِنُونَ ﴿١٢﴾ [الأنعام: ١٢] .

واتـه: لێیـان بپرسـه ئـەی محمـد ﷺ وه بڵـێ: ئەوەی له ئاسمانەکانو زەویدا هەیە هـی کێیـه؟ هەرخۆت وەڵام بدەرەوەو بڵێ: هـی خوایـه، ئـەو خوایەی کە ڕەحمو مهرەبانی لەسەر خـۆی فـەرز کردووه، سوێند بێت بە خوا بـەرەو ڕۆژی دوایـی کە هیچ گومانێکی تێدا نییـه کۆتـان دەکاتـەوه، هەرچەندە ئەوانەی کە خۆیان دۆڕاندو بیریان لـه ڕۆژی دوایی نەکردەوه، ئەوا هەر باوەڕ ناهێنن .

(٥) خـــوای پـــــەروەردگار فەرموویــــەتی:

﴿وَكَذَٰلِكَ أَعۡثَرۡنَا عَلَيۡهِمۡ لِيَعۡلَمُوٓاْ أَنَّ وَعۡدَ ٱللَّهِ حَقّٞ وَأَنَّ ٱلسَّاعَةَ لَا رَيۡبَ فِيهَآ إِذۡ يَتَنَٰزَعُونَ بَيۡنَهُمۡ أَمۡرَهُمۡۖ فَقَالُواْ ٱبۡنُواْ عَلَيۡهِم بُنۡيَٰنٗاۖ رَّبُّهُمۡ أَعۡلَمُ بِهِمۡۚ قَالَ ٱلَّذِينَ غَلَبُواْ عَلَىٰٓ أَمۡرِهِمۡ لَنَتَّخِذَنَّ عَلَيۡهِم مَّسۡجِدٗا ﴿٢١﴾﴾ [الكهف: ٢١] .

واته: ئا بەو شێوەیە خەڵكیمان ڕێنمووپی كرد تا بیـان دۆزنـەوەو بـزانن‌و دڵنیـابن کـە بەڕاسـتی بـەڵێنی خـوا لـه زینـدوو کردنـەوەی مردووەکـان حەق‌و ڕاسته(مەبەست أصـحاب الكهـف)، وه ڕۆژی دواییش هەر دێت‌و هیچ گومانی تێدا نییـه، لـه کاتێکدا ئـەو خەڵکـه کێشەیان بـوو لەسـەر مەسـەلەی زینـدوو بوونـەوه، ئنجـا هەنـدێکیان ووتیان: با چەند خانوو یـەکیان لەسـەر دروست بکـەین، پـەروەردگاریان زانایـە پێیـان، بـەڵام ئەوانـەی کـە دەسـەڵاتیان هـەبوو بەسـەر کاروباریانـدا، ووتیـان: بـەدڵنیایی مزگـەوتیان بەسەرەوە دروست دەکەین .

(٦) خوای پەروەردگار فەرموویەتی:

﴿ وَأَنَّ ٱلسَّاعَةَ ءَاتِيَةٞ لَّا رَيۡبَ فِيهَا وَأَنَّ ٱللَّهَ يَبۡعَثُ مَن فِي ٱلۡقُبُورِ ﴿٧﴾﴾ [الحج: ٧] .

واتـه: دڵنیـابن ڕۆژی دوایـی هـەردێت‌و بـەرپا دەبێت هـیچ گومـانێکی تێدانییـه، بەڕاستی ئـەو خوایـه هـەموو ئەوانـەی کـە لـەناو گـۆڕدان زیندوویان دەکاتەوەو دەیانهێنێتە دەرەوه .

(٧) خوای پەروەردگار فەرموویەتی:

﴿إِنَّ ٱلسَّاعَةَ لَأٓتِيَةٞ لَّا رَيۡبَ فِيهَا وَلَٰكِنَّ أَكۡثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يُؤۡمِنُونَ ﴿٥٩﴾﴾ [غافر: ٥٩].

واته: بەڕاستی ڕۆژی دوایی بەڕێوەیەو هەر دێت، هیچ گومانیشی تێدانییه، بـەڵام زۆربـەی خـەڵکی باوەڕ ناهێنن‌و باوەڕیان پێی نییه .

(٨) خوای پەروەردگار فەرموویەتی:

﴿ وَكَذَٰلِكَ أَوۡحَيۡنَآ إِلَيۡكَ قُرۡءَانًا عَرَبِيّٗا لِّتُنذِرَ أُمَّ ٱلۡقُرَىٰ وَمَنۡ حَوۡلَهَا وَتُنذِرَ يَوۡمَ ٱلۡجَمۡعِ لَا رَيۡبَ فِيهِۚ فَرِيقٞ فِي ٱلۡجَنَّةِ وَفَرِيقٞ فِي ٱلسَّعِيرِ ﴿٧﴾﴾ [الشورى].

واته: ئا بەو شێوەیەی کـه دەیزانیـت قورئـانێکی عەرەبی پاراومان بەوەحی بۆ ناردیت، بۆ ئەوەی

شاری مەککەو دەورو بەری (کە هەموو زەوی دەگرێتەوە) ئاگادار بکەیتەوە، هەروەها هۆشیارو ئاگاداریان بکەیتەوە لە ڕۆژی کۆکردنەوە (ڕۆژی دوایی)، کە هیچ گومانێکی تێدانییە، ئنجا ئەو ڕۆژە خەڵکی دەبن بە دوو بەشەوە، بەشێکیان بۆ بەهەشت بەڕێ دەکرێنو دەچنە بەهەشتەوە، وە بەشێکیان بۆ ناو دۆزەخ ڕاپێچ دەکرێن .

(٩) خوای پەروەردگار فەرموویەتی:

﴿ قُلِ ٱللَّهُ يُحْيِيكُمْ ثُمَّ يُمِيتُكُمْ ثُمَّ يَجْمَعُكُمْ إِلَىٰ يَوْمِ ٱلْقِيَٰمَةِ لَا رَيْبَ فِيهِ وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ ﴿٢٦﴾ ﴾ [الجاثية: ٢٦].

واتە: ئەی محمد ﷺ پێیان بڵێ: تەنها خوایە ژیانتان پێ دەبەخشێتو پاشان دەتان مرێنێتو دوای ئەوە کۆتان دەکاتەوە لە ڕۆژی دواییدا کە هیچ گومانێکی تێدا نییە، بەڵام زۆربەی خەڵکی ئەمە نازانن .

(١٠) خوای پەروەردگار فەرموویەتی: ﴿ وَإِذَا قِيلَ إِنَّ وَعْدَ ٱللَّهِ حَقٌّ وَٱلسَّاعَةُ لَا رَيْبَ فِيهَا قُلْتُم مَّا نَدْرِي مَا ٱلسَّاعَةُ إِن نَّظُنُّ إِلَّا ظَنًّا وَمَا نَحْنُ بِمُسْتَيْقِنِينَ ﴿٣٢﴾ ﴾ [الجاثية: ٣٢] .

واتە: کاتێك بووترایە بەڕاستی بەڵێنی خوا حەقە، ڕۆژی دوایی هەردێتو هیچ گومانێکی تێدانییە، ئێوە لە وەڵامدا دەتان ووت: ئێمە هەر نازانین ڕۆژی دوایی چییە، ئێمە هەر گومان دەبەینو دڵنیا نین

## ڕوونکردنەوە:

ڕۆژی دوایی دووەم شتە کە نابێت بە هیچ شێوەیەك مرۆڤەکان گومانو دوو دڵیان تێدا هەبێت، چونکە هەر بەر پا دەبێت، وە ئەو ڕۆژە خوای پەروەردگار مردووەکان زیندوو دەکاتەوەو لێپرسینەوەیان لەگەڵدا دەکات، ئنجا هەر کەسێك کاری چاكو باشی کردبێت ئەوا پاداشت دەدرێتەوە، وە هەر کەسێکیش کاری خراپی کردبێت ئەوا سزا دەدرێتو تۆڵەی لێ دەسەنرێتەوە، چونکە بەڕاستی خوای پەروەردگار بەڵێنی داوە کە بەندەکانی کۆ بکاتەوە لەو ڕۆژەدا، بۆیە پێویستە هەموو مرۆڤێکی ژیرو هۆش مەند بەردەوام لە یادی ڕۆژی دواییدا بێت، بۆ ئەوەی زیاتر جێ بەجێ کاری فەرمانەکانی خواو پێغەمبەری خوا ﷺ بێتو هەردەم یادی ئەو ڕۆژە ترسناکە بکاتەوەو فەرامۆشی نەکات، وە بەدڵنیایی هەرکەسێك ئەوڕۆژە لەبیر بکات ئەوا خوای گەورە زۆر لەو کەسە بەرقو قینە، لە فەرموودەیەکدا پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی:

**(إنّ اللّٰه تعالى يَبْغُضُ كـــلَّ عـــالِمٍ بالـــدُّنْيا جاهِـــلٍ بالآخرة)**[٢] .

واته: بەڕاستی خوای گەورە رقی لەو كەسەیە كە شارەزایە لە دونیاو نەزانو بێ ئاگایە لە ڕۆژی دوایی.

## سێیەم: مردن . . .

خوای پەروەردگار فەرموویەتی:

﴿ أَوَلَمْ يَرَوْا أَنَّ اللَّهَ الَّذِي خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ قَادِرٌ عَلَىٰ أَن يَخْلُقَ مِثْلَهُمْ وَجَعَلَ لَهُمْ أَجَلًا لَّا رَيْبَ فِيهِ فَأَبَى الظَّالِمُونَ إِلَّا كُفُورًا (٩٩) ﴾ [الإسراء: ٩٩] .

واتە: ئایا ئەوانە نەیان بینیوە بەڕاستی ئەو خوایەی كە ئاسمانەكانو زەوی دروست كردووە بەتوانایە وەك ئەوان دروست بكاتو وەك خۆیان بەدیان بهێنێتەوە، دیارە كەڕۆژ و كاتێكی تایبەتی دیاری كردووە بۆ مراندنیانو زیندو كردنەوەیان، كە هیچ گومانێكی تێدانییە، كەچی ستەمكاران هەر بڕیاری یاخی بوونو سەر كەشیو كوفریان داوەو هیچی تر .

## ڕوونكردنەوە . . .

خوای پەروەردگار لەم ئایەتە پیرۆزەدا ئەوەی ڕوون كردۆتەوە كە مردن هیچ گومانو دوودڵییەكی تێدانییە، وە هەموو مرۆڤێك لەم ژیانی دونیایەدا كاتێكی دیاری كراویان هەیە لەلای خوای پەروەردگار نە زیاد دەكرێتو نەكەم، وە ئەم كاتە دیاریكراوەیش تەنها خوای پەروەردگار دەیزانێت، بۆیە پێویستە لەسەر مرۆڤی موسڵمان هەمیشە لە یادی بێتو هەرگیز لە یادی نەچێت، چونكە نیشانەی ووشیارییو زیرەكیەتی، وە پرسیار كرا لە پێغەمبەری خوا ﷺ سەبارەت بە ووشیار ترین باوەڕدار، فەرمووی:

**( أَكْثَرُهُمْ لِلْمَوْتِ ذِكْرًا وَأَحْسَنُهُمْ لِمَا بَعْدَهُ اسْتِعْدَادًا أُولَئِكَ الأَكْيَاسُ)**[٣] .

وشیارترینو ژیرترینیان ئەوانەن كە لە هەموویان زیاتر یادی مردن دەكەنەوە، ئائەوانە ژیرو هۆش مەندن .

وآخر دعوانا أن الحمدلله رب العالمين
والصلاة والسلام على نبينا محمد وعلى آله
وصحبه أجمعين.

---

(٢) (صَحِيح: رَوَاهُ الحَاكم وَصَحَّحَهُ الشَّيْخ الأَلْبَاني فِي صَحِيح الْجَامِع: ١٨٧٩) .

(٣) (حَسَن: رَوَاهُ ابن مَاجَة وَالبَيهَقي وَصَحَّحَهُ الشَّيْخ الأَلْبَاني فِي صَحِيح ا لتَّرْغِيب وَالتَّرْهِيب: ٣٣٣٥). وَفِي السِلسِلة الصَحِيحَة(١٣٨٤) .